# کفری



کۆکردنەوەو نووسین: مەنسوور تەها

کفری شارێکی دێرینی کوردستانە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوە، لەم شارەدا نەتەوەی کورد و تورکمان و عەرەب تێیدا دەژین کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن، کفری لە ڕووی ئاو و هەواوە کەشێکی مام ناوەندی هەیە بەڵام لە وەرزی هاویندا هەندێک گەرمە.

## مێژوو

کفری شارێکی دێرینە و پێگەیەکی گرنگ و پربایەخی لە مێژووی گەرمیاندا هەیە، کفری مەڵبەندێکی دێرینی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بووە بەڵام وەکو پێویست ئاوڕ لە مێژووەکەی نەدراوەتەوە، کەمترین کتێب بە شێوەی تێروتەسەل لەسەر شاری کفری و مێژووەکەی نوسراوەتەوە ئەوەی کە هەبووە خۆی لە باسی کورت و بابەتە پەیوەستەکانی بە ناوچەکانی ترەوە دەنواند، تاکو کۆتای سەدەی بیست تەنها دوو کتێب تەرخان کراوە کە باس لە تێکڕای بوارەکانی ژیان دەکات لە شاری کفریدا ئەویش کتێبەکانی (ابراهیم خان سائر من کردستان- مەکرم تالەبانی) و (شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠-مستەفا نەریمان). کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژووی دیکە هە یە کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی نوسراونەتەوە کە گرنگترینیان کتێبەکانی (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد - گەشتی ڕیچ) کەلەساڵی ١٨٢٠ بەشاری کفریدا تێپەڕیووە. (تەها باقر) و (فواد سفر) کە دوو مێژوونوسی دیاری عەرەبن سەردانی ناوچەکەیان کردووە و لە سەریان نوسیووە. باسی دانیشتووانی دەوروبەر و ناو شاری کفری و باسی تورکمانەکانی کفری و بەشێک لە هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە کە باس لە سێ هۆزی سەرەکی لە هۆزە کوردییەکانی کوردی ناوچەکە وەک (هۆزی داودە —

دەلۆ- زەنگەنە) هەروەها کفری (١٥٨) گوندی هەبووە بە گوێرەی قاموس ئیعلامی عوسمانی چاپی ساڵی ١٨٩٨ لە لاپەڕەی ٢٩٦ باس لە سەرژمێری کفری دەکات کە ٤٠٠٠ کەس بووە.

## کفری و گەشتیاران

نیبوری گەشتیار کە هاتووەتە کوردستان لە ساڵی (١٧٦٦ز) دا بە شاری کفریدا تێپەری کردووە ناوی (کفری) بە شێوەی (کرفە) هێناوە.

جیمس بکنغهام لە ١٢ تەمموزی ١٨١٦ ز بەکفریدا گوزەر بووە بابەتی لەسەر نوسیوە و وێنەیەکیشی بۆ کێشاوە.

کلودیوس ڕیچ لە گەشتەکەیدا بەرەو سلێمانی لەرۆژی ٢٦ی نیسانی ١٨٢٠ ز دا بۆ کفری هاتووە و ٣ ڕۆژ تێدا ماوەتەوە و زۆر بەوردی ناوچەکەی پشکنیوەو گوتویەتی کە شاری کفری دێرین لە باوەشی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەدا بووە.

جیمس بیلی لە ساڵی ١٨٣٤ز وەک گەشتیارانی تر بەم ناوچەیەدا تێپەڕیووە و باسی ناوچەکەی کردووە.

## شوێنەوارەکان

ئەو شوێنەوارانەی کە تاکو ئێستا ماون کە لە شێوەی دەست کردن لە چاخ و سەردەمە جیاوازەکاندا دروست کراون وەک ئاسکی کفری و ئاشتوکان و (تلیشان) و (دوازدە ئیمام) و (سەرقەڵا) و (گردەگۆزینە) و چەندان شوێنی تر لە ناوچەی کفری. لە نزیک شاری کفری ژمارەیەک کەلاوەی شوێنەواری فراوان هەیە وەک (قەرە ئۆغلان) کە پاشماوەی خانووەکان لە بەرد و گەچ و نەخش و نیگاری گەچ کاری دەبینرێت و بە دووری (٥)کم لە باکووری کفرییەوە گردێکی شوێنەوار هەیە کە پێی دەگوترێت قەڵای کچان (قز قلعەسی). شارەکە لای خۆرهەڵاتییەوە، لەژێر ئەو زۆرگانەدا کە لەرۆخی چەمەکە بوون (دیوی لای خۆراوایان هەڵوەریبوو) گردێکی بەرز و تەخت و زۆریان هەیە،

کە شێوەی چوارگۆشەی هەبوو دیوی ناوەویان کوت و مت لەو ڕەنگە ڕەشە دەچوو کەلە (سلوقییە و بابل) دۆزرابوونەوە.

## ناو و واتای شاری کفری

تاکو ئێستا بەتەواوی نەزانراوە ناوی شاری کفری لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو ناوەی بەباڵادا براوە، وشەی کفری لە عەرەبیدا گەلێک مانا دەبەخشێت وەک (کفر ـ کفرا) داپۆشینی شتێک، (کفر ـ کفرانا) دژی ئیمان هێنان بە خوا، (کفر) ئەرزیکی دوور لە خەڵکە، (الکفر) شەوەزەنگ، (کفر) لادێ.
سەبارەت بە ناوی (کفری) هەندێک بیروبوجون هە یە:

لە وشەی (کفر)ی عەرەبییەوە هاتووە کە بەکوردی مانای دار (گەز) دەبەخشێت، چونکە کاتی خۆی ئەم جۆرە دارانە لە ناوچەکەدا زۆر بوون.

کفر بەمانای قیر یان بەردە خەڵوز دێت کە لەدێر زەمانەوە کانزاکانیان لەدەور و پشتی کفریی ئێستادا دۆزراوەتەوە.

و ڕایەک هەیە کە وشەی کفری لە (قار – قیر – کار)ی سۆمەرییەوە وەرگیراوە، بەتێپەڕ بوونی کات لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئاڵوگۆڕ بە سەر ئەو وشەدا هاتووە.

لە دەقە بزمارییە ئەکەدییەکان و پاشتر بابلییەکان و ئاشورییەکاندا پێی وتراوە (کبرو) لە ئارامییەکاندا بە (کبرا) هاتووە و لە عبرانییەکاندا بە (کوبیر)یان کوفیر هاتووە. لە سەردەمی (سوڵتان عبدالحمید) حوکمرانییەتی عوسمانیشدا ناوی کفری گۆڕی بۆ (سەلاحییە). ڕایەک هەیە سەبارەت بەناوی کفری کە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (کفر) کە وشەیەکە لەزمانی تۆرانییەدا کە بەرامبەر بە (تەروو) لە زاروەی سۆرانی کوردیدا دێت. ئەوا هەموو ئەو ناوو دەسنیشانکردنە مێژوویانەی لە هەر سەردەمێکدا بەسەر ناوەکەیدا براوە و تائێستاش ماوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆیان دەلالەت لەو یادەوەریانە دەکەن کەبەسەر شار و ناوچەکەدا هاتوون وەک ناوە دێرینەکانی (کیماش، لاخیرۆ، کیرۆ، فرجیا)

ووشەی( کفر )بەجۆرە قیرێک دەوتریت کە بۆ (سواقدانی)پاپۆڕ بەلەمەکان

بەكاردێت لەنزیک كفری بە دووری( ٣كم)لە ڕۆژ هە ڵاتەوە لەگوندی (نــاساڵــح) كانە قیرێک هە یە لەسەردەمی عوسمانیەكان ئەوكانەیان دۆزیوەتەوە كە قیرە كەی پێدە ڵێن ئەم قیریان بۆكار پێكردن دەزگاو شەمەندەفەرە كانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم بەكار دەهێنرا هە روەها بۆ خۆ گەرم كردنەوە سووتاندنی پاپۆرەكانی جەنگیش بە كاریان دەهێنا.


## ڕەسەنایەتی كورد بوونی شاری كفری

یەكێک لەو بەڵگە كۆنانەی كە ڕەسەنایەتی كوردبوونی شاری كفری دەسەلمێنێ شێوەی بینا كردنی چوار تاقی سەر گۆڕستانەكەی باوەشاسوارە كە بەشێوەی چوار تاقی پەرستگاكانی ئایینی زەردەشتی دروست كراون، زۆربەی بینا و خانووەكانی كفری كۆن بەشێوەی كەمەر (كەوانە)ی دروست كراون ئەم جۆرە بیناسازییە لە دێر زەمانەوە لە ناوچە كوردییەكاندا باو بووە.

## جوگرافیا

كفری شارێكی بچووكە دەكەوێتە لای ڕۆژاوای لووتكەی باوەشاسوارەوە، درێژبوونەوەی ئەو زنجیرە چیایەیە كە لە كەركووكەوە دەست پێ دەكات. كفری دەكەوێتە نێوان هێڵی پانی (٣٤ ــ ٣٥) پلەو هێڵی درێژی (٤٥) پلە، دەكەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی كەركووک و ١٢٠ كم دوورە لێیەوە، باشوورەكەی جیا دەبێتەوە لە پارێزگای دیالە بەهۆی زنجیرە چیای حەمرین و ناحیەی قەرەتەپە دەكەوێتە ناو سنوورەكەیەوە كە بەكشتوكاڵ دەوڵەمەندە، لە باكوورەوە تاكو شارەدێی سەنگاو دەڕوات، لە باشوورەوە چیای حەمرینە، لە ڕۆژاواوە شارەدێی قادر كەرەم و ئاوە سپی جیای دەكاتەوە لە قەزای دووزخورماتوو. لە ڕۆژهەڵاتەوە زێی سیروان ڕووبەرەكەی (٥٢٧٥) كم٢ كفری كۆن لەشوێنی ئێستایدا نەبووە شوێنی یەكەمی شارەكە (ئاسكی كفری) گردێكی گەورە بوو كە(١٠ــ١٢)م لەسەر ڕووی زەوییەكەوە بەرز بوو؛ و (٨)كم لە شوێنی ئێستای

کفری دووره. تاکو ئێستا ئەو گردە ماوە و وەکو شوێن و ئاسەوارێکی مێژووی تەماشا دەکرێت، دوای خاپور بوونی کبرو یان کیماش شوێنی دووەمی شارەکە لە قەرە ئۆغڵان بنیات نرا کە کەوتووتە ڕۆژاوای شوێنە کۆنەکەیەوە. بوونی شاری کفری لە شوێنی ئێستایدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دووسەد ساڵێک لەمەوپێش.



کفری یەکێکە لەو شارە کوردستانیانەی کە ڕژێمی گۆڕ بەگۆر وەکو شارەکانی (دووز،خورماتوو، کەلار،چەمچەماڵ،) لەشاری کەرکوکی دوورخستەوە بەمەبەستی درێژە دان بە عەرەب کردنی کوردستان ئەم شارە بە درێژای مێژوو پایتەختی هە رێمێکی سەربەخۆ بووە بەناوی (کیماش)لەسەردەمی بابلیەکان ، هە میشە منداڵدانی لەدایک بوونی پیاوە بەتواناکان و کەسایەتیە ناودارەکان بووە ، هە رچەندە لەم سەردەمەدا ناوی (کفری)زۆر لەبەرچاوان نیـــیە ،بەڵام لە دڵی مێژوودا ئەستێرەیە کی گەشە ،کارە ساتە سرووشتیەکان و شەڕی ئیمپراتۆرە کان زۆر جارئەم شارەیان وێران کردووە بەڵام هە ڵساوەتەوە جارێکی تر خۆی دروست کردۆتەوە شووێنەوارە مێژوویە کانی تا ئێیستا دەستی شووێنەوارناسان ولایەنە پەیوەندی دارە کانی پێگەیشتووە بەڵام دەستی دزەکانی شووێنەوارناس وولاتانی ترلەبەریەک هەڵی ووشاندن ،چیرۆکی ئەم شارە چیرۆکێکە سەرەتاکەی لە مێژووەوە دەستیپێکردوە و هە تا ئێیستاش لەژیان لە تێکۆشاندایە.

## قەیسەری کفــــــــــــری

ئه م قه یسەرییه پێش به قه زا کردنی شار له ساڵی 1850 ز. دروستکراوه سه ره تا نزیکه ی 150 دوکانیکی له خۆ گرتبوو دواتر فراوانترکراوه ئه م دوکانانه ش به کارهێنراون بۆ چه ندین جۆر له پیشه کۆنه کانی وه ك( به رگدووری، ده واڵه فرۆشی، مسگه ر،سەڕاج،پینه دۆس ،هه للاج،پاڵانچی،دارتاش،ئاسنگه ر،گۆزه چی، ناڵبه ند... هتد جگه له چایخانه و چێشتخانه و نانه وا خانه کاروان سه رای تایبه ت به بازگان و که ل و په له کانیان وه ك خانی(خه ڵوز،مه لا عباس... هتد)به ناوبانگترین ئه و وه ستایانه ی ناویان هاتووه له دروستکردن و فراوانکردنی قه یسه ریه که وه ستا(وەستا صمد کرکوکی،وه ستا محاو)ه ،به شیکی ماوه زۆربه ی رووخاوه ئێستا پێویستی به پاراستن و نۆژه نکردنه وه هه یه ئه م قه یسه ریه موڵکی ده یان هاوڵاتییه به ڵام به شێکی که م نه بێ هه مووی چۆڵ کراوه و مه ترسی له سه ر ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووه ماوه ی 3 ساڵه ده رخسته و دیزاینی نۆژه نکردنه وه ی بۆ کراوه و پێویست بوو به چوار قۆناغ نۆژه ن بکرایه ته وه به ڵام به هۆی قه یرانی داراییه وه کاری تێیدا نه کرا بڕی (7000,000,000) حه وت ملێار دیناری بۆ ته رخان کرابوو که ره سته ی بیناسازی قه یسه رییه که به گشتی خۆماڵییه وه کو (به ردی قایه و تاوێر وگه چ و قسڵ) دروستکراوه.



.نه مایشی قوتابخانه کانی کفری سالی 1956-1955
وینه به کامیرای رحمتی ماموستا احمد قره داغی وه رگیراوه

سەفی ئەوەڵ لە ڕاستەوە، حاجی ڕئووف ، .. ، قازی قاسم یەقووبی ، پارێزگاری کفری عومەر ئاغا ، عقید (سەروان) ئەحمەد ، نەجمەدین کانی میرانی ، .. مەکرەم تالەبانی ، مستەفا بەگی جاف، محەممەدئەمین بەگ جاف.

سەفی دووەم لە ڕاستەوە ، عادل مەستەفا کەمال ، قادر تیماو ، هەجران سەمین، حمە غریب نانە وا ، مەلا مەدحت ، .. ، ئەحمەد بەگ دلو ، هاشم بەرزەنجی ، عەلی حاجی مەشیر ، مرافق ئەحمەد بەگ بابان ، هەدایت عەلی سوور ، حەسن وەیسی بوگ.

سەفی سووەم لە راستەوە، رەشاد ، فازەل مەڵا برایم ، بهائەدین خەیات و براکەی ئەحمەد ، عەبدواڵای وەستا عەلی ، برایم حاجی فەتاح ، کامیل سەید ڕەشید ، مەلا خەلیل ، حاجی سەیدد قادر.

سەفی چوارم لە ڕاستەوە: پشتێنی سپیەکە قەدیر خەیات ، لە دەم دەرکە وێستاوە سالار مەجید ، حاجی حمەخان و وێنەگر محی الدین مختار

مێژوی ئەم پڕدە دەگەرێتەوە بۆ شەڕی جیهانی یەکم لەکاتێکا هێزە داگیرکەرەکانی بریتانیا بەڕەو کفری کشان لە ساڵی ١٩١٦ کە ئەو پردەیان لە سەر چۆمی گوندی نارین دروست کرد. گوندی نارین لە ڕۆژهەڵاتی قەرەتە هەڵکەوتوە.



# بەنداوی باوەشاسوار

## ناحیەکانی ئەم قەزایە دەستکاری

لە ماوەی ساڵانی (١٨٧٧ – ١٩٠٨) بریتی بووە لە ناحیەکانی

دووزخورماتوو داودە قەرەتەپە

لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٢٦) بریتی بووە لە ناحیەکانی

دووز       قەرەتەپە

قەڵای شێروانە ئێستا بووە بە شاری کەلار

ناحیەکانی ئێستا

سەرقەڵا   نەوجول   کۆکس   ئاوەسپی (خان ڕۆستەم)   ڕاپەرین   ڕزگاری

گەڕەکەکانی شاری کفری  دەستکاری

ئازادی ٢   ئیمام محمەد   مامۆستایان   باوەشاسوار   شەهیدان

گوندی ئەڵمانی   نەورۆز

هۆزە سەرەکییەکانی کفری  دەستکاری

دەلۆ   زەنگەنە   داودی   جاف   هەمەوەند   گێژ

---



ئەم وینەییە، لە رۆژی 11 ئازاری سالی

. 1970

لە کەرنەڤالی ئۆتۆمبیلەکانی خەلکی کفری بۆ

دەربرینی خۆشیو شادی بە بۆنەی ئەو ریکەوتن نامەییەوە کە لە لەشەوی 10 لە

سەر 11 ئازاری سالی 1970 لە ئیزگەی بەغدادە وە (ئەحمەد حەسەن بەکرەوە)

سەرۆک کۆماری عیراق بەیان نامەییەکی خویندەوە کە خۆی لە (12)خالی

سەرەکی پێکهاتبوو، کە گرینگ ترینیان ئەمانە بوون.

١- زمانی کوردی زمانی رەسمی بیت لەگەل زمانی عەرەبی دا لەو ناوچانەی کە

زۆر بەی دانشتوانی کوردن

٢-كورد هاوبەشی دەكات لە دەسەلات دا جیاوزای ناكریت لە نیوان كورد و

٣-یەكە كارگیرییەكان كە .كەسانی تر دا بۆ دانانی. كورد لە پۆشتە گرینگە كاندا زۆرینەی دانیشتوانیان كوردن فەرمان بەرەكانیان كورد بن

٤-حكومەت دانان پێ نانی بەمافی گەلی كورد لە دامەزراندنی ریخراوەكانی قوتابیان ،لاوان .ئافرەتان،مامۆستایان.

٥-گرنگی دان بە گەشەسەندنی ئابووریوو كۆمەلایتی لە كوردستاندا و دامەزراندنی دەزگایكی تایبەتی بۆ جی بە جێ كردنی ئەم ئەرژە.

٦-گیرانەوەی دانیشتوانی كوردو عەرەبی بۆ شوینی خۆیان.

٧-لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو فەرمانبەر سەرباز وو پۆلیسانەی كە هاوكاری شۆرشیان كردووە بۆ گیرانەوەیان بۆ سەر كارەكانیان.

٨-پەلە كردن لە جێ بەجێ كردنی چارەسەری كشتوكال دا وە هەموار كردنی بە مەبەستی نەهیشتنی دەرەبەگایتی

٩-هەموار كردنی دەستوری كاتی كە گەلی عیراق لە دوو گەلی سەرەكی پێك دیت كە كورد و عەرەبن.

١٠-یەكیك لە جیگرەكانی سەرۆك كۆمار كورد بیت.

١٢-گەلی كورد بە رێژەی دانیشتوانی لە عیراق دا هاوبەشی دەكات لە دەسەلاتی . یاسا داناندا

ئەم ریكەوتن نامەییە لەسەر دەستی مەلا مستەفای بارزانییوە شورشی ئەیلول

تۆمار کراوە، بۆ ئەم بەیان نامییە خەلکی رەسەنی کفری خۆشیان دەر بری کە لەوینەکەدا دیارە.

ئەم وێنەیەم ساڵی 1967 لە چاخانەکەی کمال چایچی گرتووە

کە لەو پەڕی بازاڕی قەیسەری کفری دابوو

ئەو کتێبەی کە دەیخوێنمەوە کتێبێکە بەناونیشانی :

ـ دیوان الارض المحتلة ـ نزیکەی 900 لاپەڕەیەو شیعری

شاعیرانی کۆن و نوێی فەلەستینی تیایە و لە کتێبخانەی گشتی کفری خواستوومەو بۆیە لەو چایخانەیە دەیخوێنمەوە


هەندێ خەڵکی پێ قەڵس و بێزار کەم چونکە زۆر کەس هەبوون ڕقیان لەکتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار بوو ئێمەش گرووپێ

خوێنەری سەرگەرم بووین بەو جۆرە دژایەتی ئەو

جۆرە دوژمنانەی کتێبمان دەکرد .... حەزم کرد لە جەژنی وێنەی ڕەش و سپی دا دووبارە ڕووماڵی بکەمەوە

لەتیف هەڵمەت

ئەم وێنانە ناخ هەژینە ، ببینن بێ خاوەنی وڵات چون میژوی ئەم شارە بە نیشتمانەکەوە بەرەو لەناوچون دەبات،بڵەی کەی خەم خۆری ئم گەلە و نیشتمانە دەسەڵات بگریتە دەست.




























سینماي شەمسی کفری لة حەفتاکانی سةدی
رابردوو تاوکو سالاني هەشتاکان کاری دەکرد











کاناڵی تەلگرامی  بۆ
کوردستان ناسی
@mansourtaha






قشلەی کفری لە پەنجاکاني سەدي رابردو



قوتابخانەی مەنار سالی 1967 پۆلی سێی سەرەتایێ ⇨







